گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
Vol. 14, No. 3, pp. 570–579, July-September-2026.
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2664-4673
e-ISSN: 2664-4681
journals.uoz.edu.krd

# بەرهەمی خورما لە عێراق لە کۆتایی سەردەمی عوسمانی 1858-1914

کامران عبدالرزاق برایم[1]* و دڵشاد محمود عبدالرحمن[2]
[1] بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەرێما کوردستانێ ــ عێراق.
[2] بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەرێما کوردستانێ ــ عێراق.

وەرگرتن: 2026/02 پەسەندکرن: 2026/04 بەلاڤکرن: 2026/07 https://doi.org/10.26436/hjuoz.2026.14.3.1797

**پوختە:**

خورما یەکێکە لەو میوە سوودبەخشانەی مێژووییەکی دێرینی لە عێراق هەیە. رەگەزە ژینگەییەکانی ناوچەکە یارمەتیدەر بوون بۆ ئەوەی ببێتە مەڵبەندی سەرەکیی بەرهەمهێنانی باشترین جۆرەکانی خورما لەسەر ئاستی جیهان. خەڵکی ناوچەکە بە چەندین شێوە سوودیان لە دار و بەرهەمەکەی وەرگرتووە: میوەکەی سەرچاوەیەکی گرنگی خۆراکی مرۆڤ بووە و لە دەستەبەرکردنی ئاسایشی خۆراکی دانیشتووان رۆڵێکی باڵای گێڕاوە، قەدی دارەکە بۆ دروستکردنی بنمیچی خانوو، کۆڵەگە و کەلوپەلی ناوماڵ بەکارهێنراوە، لە گەڵا و ریشاڵەکانی حەسیر، سەبەتە، پەت و جۆرەها پێداویستیی دیکە دروست کراوە، تەنانەت ناوکەکەشی فڕێ نەدراوە و بۆ چاندنی داری نوێ و ئالیکی ئاژەڵ سوودی لێ وەرگیراوە. بە هۆی پێشکەوتنەکانی بواری بازرگانی و ئامرازەکانی گواستنەوە لە کۆتایی سەردەمی عوسمانیدا، خورما بووە هەناردەی سەرەکیی ویلایەتەکانی عێراق، بۆ سەرجەم ناوچەکانی هیند، ئەوروپا و ئەمریکا دەنێردرا، بەمەش بووە سەرچاوەیەکی گرنگی داهات و بژێوی بۆ خاوەنی باخ و هەژارانی ناوچەکە کە لە کێڵگەکان و بواری گواستنەوە و هەناردەکرنیدا کاریان دەکرد. ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی شەش تەوەرە و بە پشتبەستن بە سەرچاوە رەسەنەکانی ئەرشیفی عوسمانی، ساڵنامەکان، رۆژنامە و گەشتنامەی گەڕیدەکان، هەوڵ دەدات زانیاریی ورد و دروست لەو بارەیەوە بخاتە روو. لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا، پێگەی خورما لە ژیانی رۆژانەی کۆمەڵگا و ئابووریی ویلایەتەکانی عێراق لە کۆتایی سەردەمی عوسمانی روون دەبێتەوە.

**پەیڤێن سەرەکی:** خورما، کشتوکاڵ، جووتیار، عێراق، دەوڵەتی عوسمانی.

## 1- پێشەکی

هەبوونی تۆڕێکی چڕوپڕی ئاودێری، خاکی بەپیت و تینی گەرمیی خۆر یارمەتیدەر بوون بۆ ئەوەی ژینگەیەکی لەبار بۆ پێگەیشتنی باشترین جۆرەکانی خورما لە ناوچەکانی باشووری عێراق دروست ببێت، بەتایبەتی هەردوو بەری شەتولعەرەب لە سنووری ویلایەتی بەسرە. خەڵکی ناوچەکە بایەخێکی تایبەتیان پێ داوە و وەک بەرهەمی پلە یەکی کشتوکاڵی زۆرترین بازرگانیان پێوە کردووە و داهاتێکی ئابووریی باشیان لێ بەدەست هێناوە. هاوکات جووتیارانی هەردوو ویلایەتی بەغدا و مووسڵیش بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیی ناوەخۆ و بازرگانی، لە کۆتایی سەردەمی عوسمانیدا هەوڵی فراوانکردنی باخی خورمایان داوە. زانینی وردەکارییەکانی قۆناغەکانی پێگەیاندن، بەرهەمهێنان و بە بازاڕکردنی ئەم بەرهەمە، یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەوەی بە نموونەیەکی بەرجەستەوە تێگەیشتنێکی دروست هەبێت سەبارەت بە ژیانی رۆژانەی جووتیار و چالاکیی ئابووریی ئەو ماوەیەی دانیشتووانی ناوچەکە.

## 1.1 گرنگیی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە پشت بە کۆمەڵێك سەرچاوەی رەسەنی وەکوو: بەڵگەنامە، گەشتنامە، بڵاوکراوەی میری و رۆژنامە بە زمانەکانی کوردی، تورکی عوسمانی، عەرەبی، ئینگلیزی و فەرەنسی دەبەستێت. بە شێوەیەکی ئەکادیمی و بابەتییانە لێکۆڵینەوە لە بەرهەمێکی گرنگی کشتوکاڵیی ویلایەتەکانی بەسرە، بەغدا و مووسڵ دەکات، هاوکات گرنگییەکی تایبەتیش بە ناوچەکانی کوردستان دراوە و هەوڵ دراوە وەڵامی ئەو پرسیارانە بدرێتەوە: ئاخۆ ئایا جووتیارانی کورد بایەخیان بەو بەرهەمە داوە یان نا؟ بەرهەمهێنان لە چ ئاستێکدا بووە؟ ئەو ناوچانەی کوردستان کوێن کە خورمایان بەرهەمهێناوە؟

## 1.2 ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانج لەم توێژینەوەیە بریتییە لە روونکردنەوەی لایەنە جیاوازەکانی بەرهەمهێنانی خورما، وەك یەکێك لە گرنگترین بەرهەمە کشتوکاڵی و سەرچاوە داراییەکانی ناوچەکە لە کۆتایی سەردەمی عوسمانی لە ویلایەتەکانی عێراق، بۆ ئەوەی بۆمان روون ببێتەوە: ئاخۆ چۆن دانیشتووانی ئەم ناوچەیە بەدرێژایی سەدان ساڵ لەسەر داهاتی کشتوکاڵ ژیاون؟ هۆکارە یارمەتیدەرەکان بۆ گەشەکردنی ئەو بەرهەمە

*فەکولەرێ بەرپرس.

This is an open access under a CC BY-NC-SA 4.0 license (https://creativecommons.org/licenses/by-nc-sa/4.0/)

چی بوون؟ بەربەست و ئاڵنگارییەکانی بەردەم جووتیارانی خورما چی بوون؟ بۆچی ئەم وڵاتە لە گەورەترین هەناردەکاری خورماوە گۆڕاوە بۆ هاوردەکار؟

### 1.3. میتۆدی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە پشتی بە میتۆدی وەسفی-شیکاری بەستووە، هاوکات لەگەڵ خستنە ڕووی زانیاریی و داتاکان، هەوڵ دراوە شرۆڤەی پێویست ئەنجام بدرێت و ئەنجامگیریی ڕوون و یەکلاکەرەوە بخرێتە ڕوو.

### 1.4. پێکهاتەی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکییەك، شەش تەوەر و ئەنجام پێکهاتووە. لە تەوەری یەکەم گرنگی و سوودی بەشە جۆراوجۆرەکانی دار خورما و بەرهەمەکانی بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ناوچەکە ڕوون کراوەتەوە. تەوەری دووەم جۆرەکانی خورمای عێراقی خستووەتە ژێر باس و لێکۆڵینەوە و هۆکاری ڕاجیایی و زۆریی ژمارەی جۆرەکان ڕوون کراوەتەوە. هەرچی تەوەری سێیەمە، باسی شێوازەکانی چاندنی خورما و قۆناغەکانی پێگەیشتنی دەکات، ئاخۆ چۆن جووتیارانی عێراق لێهاتوویی و شارەزاییان لەو بوارەدا بەکارهێناوە. لە تەوەری چوارەمدا گرنگترین ناوچەکانی بەرهەمهێنانی خورما ڕوون کراوەتەوە، لەو میانەیەدا گرنگیی ناوچەی شەتولعەرەب وەك نیشتیمانی خورما ڕوون کراوەتەوە، هەروەك بایەخ بە دیاریکردنی ئەو ناوچانەی کوردستانیش دراوە کە خاوەنی ئەو بەرهەمە بوون. لە تەوەری پێنجەمدا بابەتی نرخی خورما ڕوون کراوەتەوە. لە تەوەری شەشەم و کۆتاییشدا تیشك خراوەتە سەر چالاکیی بازرگانیی خورما. هەروەك ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە بە چەند خاڵێك خراوەتە ڕوو.

## 2- گرنگی و بەکارهێنانی خورما

خورما یەکێکە لە کۆنترین ئەو بەرهەمە کشتوکاڵییانەی هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە مرۆڤ ئاشنای چاندن و پەروەردەکردنی بووە، بەو پێیەی کە بەرگەی ژینگەی سەخت و وشکی گرتووە و بەرهەمێکی خۆراکیی بەهاداری پێشکەش کردووە[1]، بووەتە ڕەگەزێکی سەرەکیی ئابووری و فەرهەنگیی دانیشتووانی ناوچەکە. سەرچاوەکان یەکەمین ئاشنایەتیی مرۆڤ لەگەڵ ئەو بەرهەمە دەگەڕێننەوە بۆ (4 هەزار) ساڵ پێش زایین (Manikandan et al., 2025: p.1 ; Tang et al., 2025: p.1). لە ماوەی دیاریکراوی ئەم توێژینەوەیەش یەکێك بووە لە گرنگترین بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی عێراق، خەڵك سوودی جۆراوجۆریان لە بەشەکانی دارەکە وەرگرتووە: میوەکەی وەکوو خۆراك بە کاڵی، کوڵاویی، وشکی، هاڕاویی و تێکەڵەی ماسی یاخود ماست خوراوە (کرستجي،1989: ص144). بۆ دروستکردنی دۆشاو، مەی، ئارەق، شەربەت، ئالیك، خەل، شیرینی، کێك، نان و هەویرکاری بەکارهێنراوە (الکرملي، 2013: ص114 ؛ الدباغ، 1956: ص153-154، 176 ؛ Cuinet, 1894: Tome III, p.235). تەنانەت ناوکەکەشی فڕێ نەدراوە و بۆ چاندنی داری نوێ هەڵگیراوە (نیبور، 2012: ص70-71) یان لەگەڵ خورمای کاڵ و ئێسکی ماسی تێکەڵ کراوە و ئالیکی لێ بەرهەمهێنراوە (کرستجي، 1989: ص144). دوای وشکبوونی دار و باخەکان، لق و قەدی دارەکەش پارەیەکی باشی کردووە و بۆ بیناسازی سوودی لێ وەرگیراوە (Sert, 2006: s87).

ڕیشاڵ و گەڵاکانی بۆ دروستکردنی پەت و داپۆشینی سەری کۆڵان و بازاڕەکان، پەلەکانی بۆ زەمبیلە و حەسیر، قەدەکەی بۆ کۆڵەگەی بەست و بەنداو، پرد، دەرگا، بنمیچی خانوو، ئەسکەمل، قەرەوێڵە، بۆڕیی ئاو، قاپ، قوتوو، قەفەس، سووتەمەنی، سەندەل، کەنتۆر، مێز و سینی بەکارهێنراوە (بڕوانە: دراور، 1961: ص179-180 ؛ کرستجي، 1989: ص145 ؛ دلیل المملكة العراقیة لسنة 1935-1936، 1935: ص533-534 ؛ الظالمي، 2021: ج2: ص315-317 ؛ طه، 2018: ص56 ؛ Cuinet, 1894: Tome III, p.235 ; Kurt, 2012: s.37-38). لە شاری بەغدا بەلەمی "ئەلگەففە"، پانکە و باوەشێن و لە بەسرەش تەڵەی ماسی لێ دروست کراوە (عالي بك، 2015: ص80، 105، 110).

لە سێیەری باخی خورما، داری مزرەمەنی وەکوو لیمۆ، پرتەقاڵ نارنج و سندی (دلیل المملكة العراقیة لسنة 1935-1936، 1935: ص533) و دانەوێڵەی وەکوو گەنم و برنج چێنراوە. بووەتە سەرچاوەیەکی گرنگی بژێویی بۆ دانیشتووان، جگە لەوەی بە فراوانی دەچووە بازرگانییەوە، ساڵانە (25 هەزار) کرێکاری ناوچەیی بۆ کۆمپانیاکانی هەناردەی خورما کاریان دەکرد (الشلال، 2008: ص125). ئەوەی لە بایەخی ئەم بەرهەمەی زیاد کردبوو، بەرهەمێکی فرە و هەرزان بوو، بە ئاسانی دەست دەکەوت و ببووە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ خۆراك و پێداویستیی ڕۆژانە (الهلالي، 2009: ص67). هەموو ئەم سوودانەش وایان کردووە خەڵکی ناوچەکە بە چاوێکی پیرۆز سەیری خورما بکەن (الظالمي، 2021: ج2: ص313). گەڕیدەی هیندی کورسێتجی (C.M. Cursetjee) (1916-1917) دەڵێت: **"بە ڕەهایی، خورما بەسوودترین بەرهەمی جیهانی ڕووەکییە"** (کرستجي، 1989: ص144). گەڕیدەیەکی دیکە بە **"نانی وڵات، ماددەی ژیان و کۆڵەگەی بازرگانی"** وەسفی کردووە (الظالمي، 2021: ج2: ص312).

## 3- جۆرەکانی خورمای عێراق

جۆری خورما یەکێکە لەو بابەتانەی لە سەرچاوەکاندا زۆرترین مشتومڕی لەسەرە، ئەمەش تەنها سەرچاوە کلاسیکییەکانی هاوچەرخی ماوەی توێژینەوەکەمان ناگرێتەوە، بەڵکوو سەرچاوە زانستییەکانی ئێستاش زانیاریی جۆراوجۆر لەو بارەوە دەخەنە ڕوو. سەرچاوەیەك بە زیاتر لە (2.500) جۆر و (200) ڕەگەزی جیاواز هەژماری کردووە (Manikandan et al., 2025: p.1). یەکێکی دیکە بە زیاتر لە (5 هەزار) جۆر خەمڵاندوویەتی (Tang et al., 2025: p.1). سەرچاوەیەکی دیکە بۆ سەرووی ئەو ژمارانە ڕۆیشتووە و پێی وایە (6 هەزار) جۆر و (2 هەزار) ڕەگەزی جیاواز دەبن (Al-Habsi, 2025: p.2). هەرچی سەرچاوە کلاسیکییەکانن، پێیان وایە ویلایەتەکانی عێراق لەنێوان (300-600) جۆری جیاوازیان بەرهەمهێناوە، تەنها

باخەکانی بەسرە زیاتر لە نیوەی جۆرەکانی خورمای جیهانیان هەبووە (بڕوانە: دليل المملكة العراقية لسنة 1935-1936، 1935: ص524-530 ؛ الدليل العراقي الرسمي لسنة 1936، 1936: ص780-782 ؛ الدباغ، 1956: ص77، 145 ؛ الهلالي، 1953: ج1: ص307 ؛ الشلال، 2008: ص22 ؛ العكيدي، 2010: ص63). بە وردبوونەوە لە سەرچاوەکان دەتوانرێت بگووترێت تێکەڵوپێکەڵییەکی زۆر لەو بابەتەدا هەیە، چونکە پێوەرێکی گشتی و یەکگرتوو نەبووە بۆ ناونان و دەستنیشانکردنی جۆرە جیاوازەکان، بەڵکوو خەڵکی هەر ناوچەیەك بەگوێرەی شارەزایی و نەریتی خۆیان قسەیان لەسەر کردووە. نووسەری بریتانی لۆریمەر ( John Gordon Lorimer) دەڵێت (40) جۆری خورما لە ژێر ناوی "ساير" هەبوو (لوريمر، د.س.أ: ج6: ص3300)، ئەمەش هۆکاری خستنەڕووی ئەو ژمارە زۆر و جیاوازەیە کە لە سەرچاوەکاندا دەبینرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، گومانی تێدا نییە جۆرەکانی خورمای عێراق زۆر بوون، کەمتر نەبوون لە (100) جۆر. گۆڤاری "لغة العرب" لە ژمارەیەکدا ناوی (98) جۆری نووسیوە (لغة العرب، 1914: ج11، ص592-593). جوگرافیناس و ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی ڤیتال کیونێ ( Vital Cuinet) دەڵێت:تەنها ئەو جۆرانەی دەچنە بازرگانییەوە زیاتر لە (50) جۆر دەبن (Cuinet, 1894: Tome III, p.233). ساڵنامەیەکیش خورمای بەسرەی بە (120) جۆر دەستنیشان کردووە (بصره ولايتى سالنامەسى، 1311: ص75).

بەناوبانگترین ئەو جۆرانەی لە ماوەی توێژینەوەکەماندا لە ویلایەتەکانی عێراق بەرهەمهێنراون بریتی بوون لە: حەلاوی، خەزراوی، ساير، زوهدی، برێم، جبجاب، دیری، برحی(الهلالي،1953:ج1:ص309-310)، دەقل و خەستاوی (دليل المملكة العراقية لسنة 1935-1936، 1935: ص530). خورمای ساردی وەکوو "بەلح" بە جۆری باش دانراوە، ئەوانەشی گەرم بوون وەکوو "بیسر و زوهدی" جۆری خراپ و هەرزان بوون و بۆ ئالیك، ئارەق و خۆراکی هەژاران سوودی لێ وەرگیراوە(نيبور، 2012: ص69-70).

### 4- شێوازەکانی چاندنی خورما و پێگەیشتنی

وەرزی چاندنی خورما دەکەوتە مانگەکانی ئادار و ئەیلوول، بە هەردوو شێوازی شەتڵ و ناوك دەچێنرا. شێوەی یەکەمیان زیاتر لە نێو جووتیارانی عێراق باو بوو (السعدون، 1989: ص83 ؛ الحجامي، 2010: ص123). لەم شێوازەدا لقی دارێکی پێگەیشتوو وەردەگیرا و وەك دارێکی سەربەخۆ جیا دەکرایەوە، لە ماوەی (4 - 5) ساڵ بەری دەدا (فارس، 1353هـ: ص41-42). هەرچی ناوکە، پێویستی بە (6 - 10) ساڵ هەبوو بۆ ئەوەی بەر بدات (عيساوي، 1990: ص517). دار خورمای پێگەیشتوو بەهێز بوو، بەرگەی بێئاویی و تینوویەتی دەگرت (فارس، 1353هـ: ص42). قەدەکەی بە ئەندازەی (50 - 68 پێ) بەرز دەبووەوە (كرستجي، 1989: ص144 ؛ العمر، 1912: ص929 ؛ آل طعمة، 2018: ص375). باخەوانەکانی بەسرە زۆر لێهاتوو بوون لە چاندن و پێگەیاندنی، زەوییەکانیان دەکردە حەوزی بچووکی چوارگۆشە و لاکێشە، دارەکانیان بە هاوئاهەنگی و بە ڕیز دەچاند (كرستجي، 1989: ص143). بە وردی چاودێریی

دۆخی دارەکانیان دەکرد، ماسییان دەخستە ژێری ئاوەکوو شی دەبووەوە، بەمەش پەیینێکی تایبەتیان بۆ دەستەبەر دەکرد (الظالمي، 2021: ج2، ص311).

مانگی نیسان کاتی پیتاندنی دارەکان بوو، جووتیاران بەدەست کردارەکەیان لەنێوان داری نێر و مێ ئەنجام دەدا. داری نێر (10 - 20) هێشوو و داری مێ (5 - 12) هێشووی دەگرت. هەر دارێکی نێر دەیتوانی (50) داری مێینە بپیتێنێت. جووتیاران هێشوویەکی نێرەیان وەردەگرت و بەسەر مێینە بڵاویان دەکردەوە، یان دانەیەکی نێریان لە نێو هێشووی مێینە دادەنا. بەپێچەوانەوە، هێشووەکان پووچەڵ دەبوون و بەریان نەدەدا (عثمانلى زراعت و تجارت غزتەسى، 1327ر: ص524 ؛ فارس، 1353هـ: ص42).

دوای کرداری پیتاندن، خورما بە چوار قۆناغی جیاواز پێدەگەیشت کە بریتی بوون لە: بەلح، خەلال، ڕوتەب و تەمر[2] (فارس، 1353هـ: ص42). پێگەیشتنی خورما پێویستی بە هاوینێکی گەرم هەبوو، دەبوو پلەی گەرمای تەمموز و ئاب لەنێوان (40 - 48) پلە بێت (الدباغ، 1956: ص120). سەرما و سۆڵە بە ئافاتی کوشندەی بەرهەمەکە دادەنرا، ئەو ساڵانەی بەفر دەگەیشتە ناوەڕاستی عێراق و سەرمای سەخت دروست دەبوو، سەدان هەزار دار لەناو دەچوون (ويلكوكس، 2009: ص17-18). بارانی کەمی زستان و هاوینی درێژیش، دوو مەرجی دیکەی پێگەیشتنی بەرهەمێکی باش بوون (دليل المملكة العراقية لسنة 1935-1936، 1935: ص520). بەپێچەوانەوە، هاوینی فێنك و کورت دەبووە هۆی بۆگەن بوون و ترشانی بەرهەمەکە و زیانێکی زۆری پێ دەگەیاند (لغة العرب، 1911: ج6، ص244). ئەم چاودێرییە چڕ و کردارە جۆراوجۆرانەش خەرجی و تێچووی داچاندنی باخی خورمایان بەرز کردبووەوە، بە جۆرێك کە تێچووی هەر دارێك دەگەیشتە (200 - 300) قوڕش (موسيل، 1990: ص110).

بە هاتنی مانگەکانی ئاب و ئەیلوول، میوەی خورما پێدەگەیشت (الظالمي، 2021: ج2، ص314). هەر دارێك، بەگوێرەی تەمەن و جۆرەکەی، بەتێکڕا ساڵانە (35 - 60)کگم بەرهەمی دەدا (سوسه، 1946: ص20-21). جووتیاران لە سەرەتای ئەیلوولەوە دەستیان بە چنینەوەی دەکرد. جۆری گرانبەها و دەگمەن دانە بە دانە لێ دەکرایەوە، ئەوانی دیکە بە هێشوو (دليل المملكة العراقية لسنة 1935-1936، 1935: ص782). جووتیاران ئامرازێکی سادەیان بە ناوی "تبليه" بەکاردەهێنا، بریتی بوو لە پشتبەندێکی پان، جووتیار پشتی بە لایەکیدا دەدا و لایەکەی دی لە قەدی دار خورما قایم دەکرد، بە هۆیەوە بە دارەکەوە سەردەکەوت و بەرهەمەکەی دەچنییەوە، ئەمەش ئامرازێکی کۆن بوو، لەوەتەی سەردەمی بابلی کۆنەوە بەکاردەهێنرا (باقر، 1970: ص14). ئینجا لە شوێنێك بە ناوی "جوخان" لە کەنار ڕووبار و کەناڵەکان بەسەر یەکەوە کەڵەکە دەکرا. کرێکاران جۆرەکانیان لەیەکتر جیا دەکردەوە و لە نێو سەبەتەی حەسیر(خصاف)، سندووقی دار، توورەگە، فەردە، پێستە و کارتۆن دەیانپەستایەوە و ئامادەیان دەکرد بۆ هەناردەکردن (بڕوانە: الدليل العراقي الرسمي لسنة 1936، 1936: ص783 ؛ الدباغ، 1956: ص196 ؛ سلمان، 1989: ص129 ؛ القهواتي، 1980:

ص356 ؛ (BOA, A.MKT.MHM, 579/13-3/1). جووتیار و موڵکدارانی باخەکانی خورما خەرجییەکانیان بە نیوەیی لە ئەستۆ دەگرت و بەرهەمەکەشیان هەر بە نیوەیی دابەش دەکرد، ئەگەر یەکێکیان تەواوی خەرجییەکەی لە ئەستۆ بگرتایە، پشکەکەی دەبووە 3/2 (فارس، 1353هـ: ص42). کەواتە خورما یەکێك بووە لەو بەرهەمە کشتوکاڵییانەی پێویستی بە خزمەت و چاودێرییەکی زۆر هەبووە، جووتیار ناچار بووە بە درێژایی ساڵ بایەخ بە کێڵگە و دارەکە بدات بۆ ئەوەی بەرهەمێکی باش بەدەست بهێنێت، ئەمەش هۆکار بووە بۆ ئەوەی خەرجیی کێڵگەی خورما بەرزتر بێت، بەراورد بە کێڵگەی میوەکانی دیکە.

## 5- ناوچەکانی بەرهەمهێنانی خورما

باشووری عێراق بە ڕەهایی کشتوکاڵی خورمای کۆنترۆڵ کردبوو، باشترین جۆری خورمای جیهان لەم ناوچەیە بەرهەم دەهێنرا (طه، 2018: ص54)، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندێتیی ژینگە و کەشوهەواکەی، وەك ئەوەی بەتایبەت بۆ خورما خوڵقێنرابێت وابوو. لە لایەك پلەی گەرمیی بەرزی هاوین جۆرێتییەکەی دەگەیاندە نایابترین ئاستی خۆی (الظالمي، 2021: ج2، ص314)، لە لایەکی دیکە، بە هۆی دیاردەی هەڵکشان و داکشانی شەتولعەرەبەوە، لەماوەی بیست و چوار کاتژمێردا، دوو جار باخەکانی ئاودێر دەبوو (بصره ولایتی سالنامەسی، 1311: ص63 ؛ سالنامەء ولایت بصره، 1318: ص201). بەمەش ئەو پەندە عەرەبییە بەتەواوی نمایان دەبوو کە دەڵێت: "**پێویستە قاچی دار خورما لە نێو ئاو بێت و سەریشی لە نێو ئاگر**" (دراور، 1961: ص179).

لە سنووری بەسرەدا، هەردوو بەری شەتولعەرەب نایابترین شوێنی بەرهەمەکە بوون، باخەکانی خورما وەك پشتێنەیەك بە پانتایی (نیو تاوەکوو 2 میل) بە درێژایی کەنارەکانی درێژ دەبوونەوە (لوریمر، د.س.أ: ج6، ص3300). نزیکەی نیوەی دار خورماکانی تەواوی عێراق دەکەوتنە ئەو ناوچەیە (الهلالي، 1953: ج1، ص308). کورستێجی (1916-1917) دەڵێت: "**شەتولعەرەب نیشتمانی ڕەسەنی خورمایە، هەردوو بەری ڕووبارەکە بە پانتایی چەند میلێك بە باخی خورما داپۆشراوە**" (کرستجي، 1989: ص141 ؛ الظالمي، 2021: ج2، ص310-311). شوێنەوارناس و گەڕیدەی بەریتانی بەدج (Sir Ernest Alfred Wallis Budge) (1889) دەڵێت: "**باخەکانی خورما لە هەردوو لای شەتولعەرەب، بە ئەندازەی بینایی چاو درێژ بوونەتەوە، وەکوو شوورەیەکی سەوز وایە بە دەوی ڕووبارەکەدا**" (بدج، 1966: ج1، ص10).

خەڵکی ناوچەی ئەبو خەسیب لە سنووری بەسرە، زاناترین کەس بوون بە کشتوکاڵی خورما، جۆری تایبەتی ئەوتۆیان بەرهەمدەهێنا لە هیچ شوێنێکی دونیا نەبوو (السعدون، 1989: ص83). لە کۆتایی سەردەمی عوسمانی، ژمارەی دار خورماکانی بەسرە بە (8 ملیۆن) دار خەمڵێنراوە (عثمانلی زراعت و تجارت غزتەسی، 1327ر: ص524). ئەندازیاری ئینگلیز سێر ویلیەم ویلکۆکس (William Willcox) پێی وایە (10 ملیۆن) دار خورما لە کەناری شەتولعەرەب هەبووە (ویلکوکس،2009: ص21-22). هەر لە سنووری ویلایەتەکە، شاری کوت بە دارستانێکی چڕوپڕی خورما دەورە درابوو، زەحمەت بوو لە دەرەوەی شارەکە ناوەوەی ببینرێت (البكري، 1967: ص97). هەروەها ناوچەکانی فاو و سوقشیوخ باخی چڕوپڕی خورمایان تێدابوو (لوریمر، د.س.ب: ج2، ص696 ؛ ج7، ص2410). بەگوێرەی تۆماری گەڕیدەیەك لە ساڵی 1894، ویلایەتەکە (554.234) تۆن خورمای بەرهەمهێناوە (Cuinet, 1894: Tome III, p.226).

هەرچەندە خەرجی و زەحمەتییەکانی باخی خورما لە ویلایەتی بەغدا زۆر زیاتر بوو لەچاو بەسرە، چونکە دەبوو بە چەرخە و ئاژەڵ ئاودێری بکەن و بڕێکی زۆر زیاتریش باج بدەن (BOA,Y.PRK.PT,10/92-2/2). لەگەڵ ئەوەشدا، ویلایەتەکە بەرهەمێکی زۆری هەبوو. سەنجەقی کەربەلا (لە دوای بەسرە) دووەمین بەرهەمهێنەری خورما بوو (حمادي و خضر، 2011: ص5). هەردوو بەری ڕووباری حوسەینییە بە درێژایی یەك کاتژمێر و نیو تا دەگیشتە شاری کەربەلا بە باخی خورما داپۆشرابوو، ژمارەی دارەکانی دەگەیشتە (100 هەزار) دار (باشا، 2008: ص244). هەروەها ناوچەی شەفاتییە (بغداد ولایتی سالنامەسی، 1329: ص265 ؛ لوریمر، د.س.ب: ج7،ص2352) و موسەییب (موسیل، 1990: ص72) باخی چڕوپڕیان هەبوو. لە کۆتایی سەدەی نۆزدە، سنووری سەنجەقی کەربەلا نزیکەی (1.5 ملیۆن) داری تێدابوو (سامی، 1314: ج5، ص3834). لە ناوچەکانی دیکەی ویلایەتەکە، دەوروبەری شاری بەغدا نزیکەی (135 هەزار) داری هەبوو (امین،1341:ص27). نووسەر و بەرپرسی عوسمانی عالی بەگ لە گەشتەکەیدا بۆ عێراق لە ساڵی 1885، بە درێژایی سێ کاتژمێر ڕێگای سامەڕا-بەغدا بەبێ پچڕان، باخی خورمای بینیوە (عالي بك،2015:ص72). حیللە یەکێك بوو لە ناوچە دەوڵەمەندەکانی ویلایەتەکە، بەدرێژایی کەنارەکانی هەردوو بەری ڕووباری فوڕات، بە باخی چڕوپڕی خورما داپۆشرابوو (دیولافوا، 2007: ص131). درێژیی ئەو باخانە دەگیشتە (30) میل (زیاتر لە 48 کم) (لوریمر، د.س.ب: ج3، ص989) کە (400 هەزار) دار خورمایان لەخۆ دەگرت (بغداد ولایتی سالنامەسی، 1329: ص283). هەریەکە لە ناوچەکانی کووفە، ڕحالییە لە باشووری ڕومادی، خوراسان، دێوانییە، سەماوە و نەجەفیش سەدان هەزار داریان هەبوو (بڕوانە: بغداد ولایتی سالنامەسی، 1329: ص226، 253، 271 ؛ بغداد ولایتی سالنامەسی، 1325: ص245 ؛ لوریمر، د.س.ب: ج2، ص593 و ج6،ص2139؛ لوریمر، د.س.أ: ج6، ص3300). لە کۆتایی سەدەی نۆزدە، ژمارەی دار خورماکانی ویلایەتی بەغدا (5.500.000) دار دەبوو، بەم شێوەیە بەسەر سەنجەقەکان دابەش ببوو: سەنجەقی بەغدا (3.600.000)، سەنجەقی حیللە (500 هەزار) و سەنجەقی کەربەلا (1.400.000)(Cuinet,1894:Tome III,p.21).

سەبارەت بە ناوچەکانی کوردستان، هەرچەندە خاکەکەی قوڕین و خۆڵی سوور بوو کە بۆ پێگەیشتنی دار خورما گونجاو نییە (لغة العرب، 1914: ج9، ص470)، لەگەڵ ئەوەشدا لە ناوچەکانی باشووریدا چەندین ناوچەی بەرهەمهێنەر هەبوون، بۆ نموونە: خانەقین لە پێداویستیی خۆی زیاتری بەرهەمهێناوە (باجگر، 2025: ب17، ل311).

چەندین سەرچاوە و گەڕیدە ئاماژەیان بەوە داوە کە بەرهەمێکی سەرەکیی قەزای سەڵاحییە (کفری) بووە و لە هەموو میوەکانی دیکە زیاتر بووە (موصل ولایتی سالنامەسی، 1330: ص270 ؛ کیونێ، 2013: ب2، ل187 ؛ Geary, 1878: Vol.1, p.312). بەپێی ئامارێکی ساڵی 1913، ڕووبەری (200) دۆنمی قەزاکە بە خورما داچێنراوە و (15 هەزار) هۆقەی[3] بەرهەمهێناوە (تجارت و زراعت نظارتی، 1332: ص455). زۆرترین بەرهەمی ناوچەی بەدرە و جەسانیش هەر بریتی بوو لە خورما (باشا، 2008: ص153-154). مەندەلی چەندین باخی خورمای لە چواردەورە هەبوو، بەرهەمەکەشی ئەوپەڕی بەچێژ و بەناوبانگ بوو (بغداد ولایتی سالنامەسی، 1329: ص219). هەرچەندە ساڵنامەیەك باسی ئەوەی کردووە کە خورما لە کەرکووکیش بەرهەمهاتووە (موصل ولایتی سالنامەسی، 1325: ص213)، بەڵام پێناچێت ئەو بەرهەمە هی ناوەوەی شارەکە بووبێت، چونکە خاکی ناوچەکە گونجاو نەبووە بۆ پێگەیشتنی. گەڕیدەیەکیش باس لەوە دەکات کە لەنێوان تازەخورماتوو-کەرکووك داری خورمای بینیووە، بەڵام دارەکان نەزۆك بوون و هیچ بەرهەمێکیان نەبووە (دوبریە، 2011: ص86). بەو پێیەش بێت، ناوچە گەرمەسێرەکانی خوارووی کوردستان شوێنێکی لەبار بوون بۆ چاندنی خورما.

لەسەر ئاستی ویلایەتی مووسڵ لە ساڵی 1892، (620) تۆن بەرهەمی خورما تۆمار کراوە (Cuinet, 1891: Tome II, p.788). ئەم خشتەی خوارەوە گرنگترین ناوچەکانی بەرهەمهێنان و بڕی بەرهەمەکە لە ناوچەکانی عێراق ڕوون دەکاتەوە:

**خشتەی ژمارە (1):** بەرهەمی خورما لە عێراق لە ساڵی 1909 (اورمان و معادن و زراعت نظارتی، 1327: ص261، 263، 289).

| قەزا | بەرهەمی بەدەستهاتوو<br>هۆقە (1 هۆقەی ئیستەنبوڵی = 1.28 کگم) |
|---|---|
| جەزیرە | 200 |
| خانەقین | 192,000 |
| دلێم | 4,018,300 (خورما و هەنار) |
| سامەڕا | 83.001 |
| عانە | 225,000 |
| مەندەلی | 3,438,476 (جۆراوجۆر) |
| کەربەلا | 4,800,000 |
| نەجەف | 1,397,621 |
| هیندییە | 320,000 |
| **سەرجەمی ویلایەتی بەغدا** | **14,474,598** |
| کەرکووك | 500 |
| سەڵاحییە | 25,000 |
| **سەرجەمی ویلایەتی مووسڵ** | **25,500** |
| فاو | 3,000,000 |
| قوڕنە | 10,254,195 |
| شەتڕەی عەممارە | 100,000 |
| سوقشیوخ | 4,000,000 |
| **سەرجەمی ویلایەتی بەسڕە** | **17،354،195** |
| **سەرجەمی عێراق** | **31.854.293** |

وەك لە خشتەکەی سەرەوە دەردەکەوێت، ویلایەتی بەسڕە زۆرترین بەرهەمی هەبووە. لەسەر ئاستی ویلایەتەکەش قەزای قوڕنە بە زیاتر لە (10 ملیۆن) هۆقە پێشەنگی تەواوی عێراق بووە. زۆریی بڕی بەرهەمی ویلایەتی بەغدا خاڵێکی دیکەی سەرنجڕاکیشە، بە جۆرێك پێشبرکێی ویلایەتی بەسڕەی کردووە، لەسەر ئاستی ویلایەتەکەش قەزای کەربەلا پێشەنگ بووە. هەرچی ویلایەتی مووسڵە، بڕێکی کەمی بەرهەمهێناوە و تەواوی بەرهەمەکەشی کەوتووەتە ناوچەکانی خوارووی کوردستان.

## 6- نرخی خورما

لەبەرئەوەی خورما بەفراوانی دەچووە بازرگانییەوە، خواستی دەرەکی و خستنەڕووی ناوەخۆ کاریگەریی گەورەیان لەسەر نرخەکەی هەبوو، ئەمەش کێشەیەك بوو ساڵانە ڕووبەڕووی جووتیار و بازرگانان دەبووەوە. بەشێوەیەکی ئاسایی، خاوەنی باخەکان ساڵانە دوای پێگەیشتنی بەروبووم، کۆدەبوونەوە و لەنێوان خۆیان نرخەکانیان دیاری دەکرد (BOA, DH.SFR, 312/110-1/1). هەندێ جاریش بازرگانان بە نرخی هەرزانتر لە خاوەنی باخە بچووکەکان دەیانکڕی، ئەمەش نرخەکەی دادەبەزاند و جووتیاران زیانیان پێ دەگەیشت. بەگوێرەی بەڵگەنامەیەك، بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، لە شوباتی 1905 بڕیار دراوە: دوای پێگەیشتنی خورما، نوێنەری جووتیار و بازرگانان لە شارەوانیی بەسرە کۆببنەوە و نرخێکی هاوسەنگ دیاری بکەن (BOA, MV, 110/88-1/2 ; DH.SFR, 312/110-1/1 ; DH.SFR, 312/110-1/2 ; DH.SFR, 312/110-1/3).

نرخەکانیش بەگوێرەی جۆری خورما دەگۆڕا، بۆ نموونە حەللاوی گرانبەهاترین، خەزراوی مامناوەند و سایر هەرزانترین بوو (عیساوي، 1990: ص516). بەپێی ئەو نرخانەی لە سەرچاوە ڕەسەنەکان خراوەتە ڕوو لە ساڵی 1878، یەك هۆقە خورمای کەربەلا بە (57.5) پارە و جۆری دەقل کە جۆرێکی خراپ بووە بە (37.5) پارە خراوەتە زیادکردنی ئاشکراوە (40 پارە = 1 قورش) (زوراء، 1296، نومرو802: ص1604). لە ساڵی 1909، نرخی هۆقەیەك خورما لەنێوان (20 - 160) پارە بووە. نزمترین نرخ لە دلێم و نەجەف، بەرزترینیش لە کەرکوك تۆمارکراوە. نرخی تێکڕای هەر هۆقەیەکیش لەسەر ئاستی عێراق گەیشتووەتە نزیکەی (57) پارە (بڕوانە: اورمان و معادن و زراعت نظارتی، 1327: ص261، 263، 289). لە ساڵی 1913 نرخەکەی نزیك لەوانەی پێشووتر بووە، بۆ نموونە: لە کەرکووك و سەڵاحییە، نرخی یەك هۆقە (60) پارە بووە (تجارت و زراعت نظارتی، 1332: ص455).

## 7- بازرگانیی خورما

بازرگانیی خورما لە عێراق ڕیشەیەکی مێژوویی هەبوو، کەشتییە بازرگانییەکانی ئەوروپا هەر لە نیوەی یەکەمی سەدەی حەڤدەوە، هاتوونەتە کەنداوی بەسرە و خورمایان کڕیوە (الدباغ، 1956: ص192). دوای پەرەسەندنی بازرگانیی نێودەوڵەتی و هەنگاوەکانی مەدحەت پاشا (1869-1872) والی بەغدا بە ئاراستەی ڕێکخستنەوەی باجی باخەکانی خورما (زوراء، 1286، نومرو5: ص10)، تێبینی زیادبوونێکی بەرچاوی بەرهەمەکە دەکرێت. بەتایبەتی دوای کردنەوەی کەناڵی سوێس و زیادبوونی خواستی ئەوروپی لەسەر خورما، ئەمەش سەرنجی موڵکدارانی ڕاکێشا بۆ ئەوەی پەرە بە چاندنی شەتڵی نوێ بدەن و وەڵامی خواستی بازاڕ بدەنەوە (الشلال، 2008: ص102). لەژێر کاریگەریی ئەم بارودۆخە نوێیەدا، ژمارەیەکی زۆر شەتڵی نوێ داچێنران و پێگەیشتن، چەندین کۆمپانیای بریتانی وەکوو کری ماکێنزی (Cree-McKenzie)، لێنچ (Lynch) و میوەر تویدی (Muir Tweedy) هاتنە نێو کێبڕکێی بازرگانییەکە (القهواتي، 1980: ص359 ؛ الشلال، 2008: ص103). ئەمەش کاریگەریی گەورەی هەبوو لەسەر زیادبوونی بەرهەم و هەناردە.

بەم شێوەیە لە ڕووی بازرگانییەوە، خورما بووە گرنگترین بەرهەمی کشتوکاڵیی عێراق، لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی نۆزدە، بووە کاڵای سەرەکیی هەناردە، نەبوونی ئاستەنگی گواستنەوە و نزیکیی ناوچەی بەرهەمهێنان لە بەندەری بەسرە، یارمەتیدەر بوو بۆ زیاتر گەشەسەندنی بازرگانییەکەی. لێرە بەدواوە بەرهەمەکە بۆ ناوچەکانی هیند، بریتانیا، ئەمریکا، ئوسترالیا، بەندەرەکانی کەنداوی بەسرە و دەریای ناوەڕاست دەنێردرا (الشلال،2008: ص101-102). لەو ماوەیەدا نزیکەی نیوەی داهاتی هەناردەی عێراقی پێکهێناوە (آینهولت،2012: ص86؛سلمان،1989: ص128). تاوەکوو کۆتاییەکانی سەردەمی عوسمانیش خورما هەر بە بڕبڕەی پشتی هەناردە و بازرگانیی عێراق مایەوە (بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی هەناردە و بازرگانیی خورما بڕوانە: لوریمر، د.س.أ: ج6، ص3300-3308 ؛ الدباغ، 1956: ص191-236 ؛ أداموف، 2009: ص531-536 ؛ القهواتي، 1980: ص354-369 ؛ الشلال، 2008: ص101-106).

بەپێی ئامارێکی ساڵی 1875، سەنجەقی بەسرە زیاتر لە 85%ی خورمای بەرهەمهێنراوی خۆی هەناردەی دەرەوە کردووە، پاشان سەنجەقی بەغدا بە زیاتر لە 75% و مونتەفیق بە 50% لە دووەم و سێیەمی ڕیزبەندییەکە دێن (سالنامەء ولايت بغداد، 1292: ص134-139). بە هاتنی ساڵی 1891، بەرهەمی خورمای بەسرە گەیشتە پێنج هێندە لەچاو دوازدە ساڵی پێشووتر (لوريمر، د.س.أ: ج6، ص3301). لەکاتێکدا لە شەست و حەفتاکانی سەدەی نۆزدە، ساڵانە نزیکەی (30 هەزار) تۆن بەرهەمهێنراوە و (10 هەزار) تۆنیش هەناردە کراوە، لە ساڵی 1887 برەکە زیادی کردووە بۆ (60 هەزار) تۆن بەرهەم و (44 هەزار) تۆنی هەناردە. لە ساڵانی 1909-1913، بەرهەمی ساڵانە گەیشتە (90 هەزار) تۆن و هەناردەش بۆ (60 هەزار) تۆن بەرز بووەتەوە (حسن، د.س: ج1، ص169-170). بەگوێرەی بەدواداچوونی توێژەرێك، لەنێوان ساڵانی 1864-1913، بە بەهای (1.190.810.500) قورش خورما لە بەندەری بەسرەوە هەناردە کراوە[4]. لەم خشتەی خوارەوە گرنگترین ئەو جۆرانەی بۆ دەرەوە نێردراون لەگەڵ تایبەتمەندێتیی هەر جۆرێك، ڕوون کراوەتەوە:

**خشتەی ژمارە (2):** گرنگترین جۆرەكانی خورمای هەناردەكراو (بڕوانە: الهلالي، 1953: ج1، ص309-310 ؛ القهواتي، 1980: ص354).

| جۆری خورما | ڕەنگ و وەسف | كڕیاری دەرەكی |
|---|---|---|
| حەللاوی | لاكێشەیی، ڕەنگ زێڕین | ئەمریكا |
| خەزراوی | كورتی ڕەشباو | ئەوروپا، ئوسترالیا، ئەمریكا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست |
| سایر | مامناوەند، قاوەیی تێر | ئوسترالیا، ئەوروپا و ئەمریكا |
| زوهدی | نیمچە هێلكەیی، ڕەنگ زێڕین | هیند، پاكستان و باشووری جەزیری عەرەبی |
| برێم و جبجاب | ڕەنگ زەرد | دەرەوە بەگشتی |
| دێریی | باینجانی ڕەشباو | هیند و كەنارەكانی جەزیرەی عەرەبی |
| برحی | نیمچە هێلكەیی، ڕەنگ زێڕین | زۆربەی لە ناوەخۆی عێراق بەكاردەبرا |

بەگوێرەی چەند بەڵگەنامەیەكی سەرەتای سەدەی بیستەم، جگە لە خودی میوەكە، شەتڵی خورماش بۆ ئەمریكا و هیند هەناردە كراوە. سەرۆكایەتیی شارەوانیی بەسرە و كۆمەڵێك كەسایەتیی ناوچەكە، لە داواكارینامەیەكی كانوونی یەكەمی 1913، داوا لە كاربەدەستانی ئیستەنبوڵ دەكەن هەناردەی شەتڵ بۆ دەرەوەی ویلایەتی بەغدا و بەسرە قەدەغە بكەن، چونكە لەوە دەترسن سیناریۆی قاوەی یەمەنی دووبارە ببێتەوە. ئەمەش دوای ئەوەی شەتڵێكی زۆری قاوە لە یەمەنەوە براوەتە ئەمریكای باشوور، ئێستا ئەوان هەناردەی دەكەن و نرخی قاوەش بۆ 5%ـی نرخی پێشووی دابەزیوە، بەمەش جووتیارانی یەمەن تووشی كارەساتێكی گەورە بوون و داهاتەكانیان لەدەست داوە (BOA, BEO, 4270/320221-3/1 ; BEO, 4270/320221-3/2). بە پشتبەستن بەو داواكارییە، لە ئاداری 1914 بڕیار دراوە هەناردەی شەتڵی خورما بۆ وڵاتانی بیانی قەدەغە بكرێت (BOA, MV, 186/30-1/1).

جێگای ئاماژە پێدانە، لە ساڵانی قاتی و وشكەساڵیدا، دەوڵەت هەناردەی میوەی خورمای بە تەواوی یان نیمچەیی قەدەغە دەكرد بۆ ئەوەی سەرچاوەی خۆراكی دانیشتووان مسۆگەر بكات، وەك ئەوەی لە ساڵی 1879 بەهۆی كەمی بەرهەمی دانەوێڵەوە ئەنجام دراوە (القهواتي، 1980: ص358). ئەمەش كاریگەریی و ڕۆڵی بەرهەمەكە لە پاراستنی ئاسایشی خۆراك لەو سەردەمە نیشان دەدات، بۆیە دانیشتووانی ناوچەكە بە چاوێكی پیرۆز سەیری خورمایان كردووە و وەك هۆكارێكی كاریگەر بۆ زیندوو مانەوەیان لە كاتی قاتی و نەهامەتیدا بینویانە.

## 8- ئەنجام

- خورما یەكێك بووە لە گرنگترین بەرهەمە كشتوكاڵییەكانی عێراق، سەرچاوەیەكی سەرەكیی خۆراك، داهات و هەناردەی ناوچەكە بووە.
- خورما بە هەموو بەشەكانی بەرهەم و دارەكەی، ئامادەیی هەبووە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵك و جۆرەها پێداویستی و كەلوپەل و ئامرازی بۆ دانیشتووان دەستەبەر كردووە. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی لە ڕووی ئابووری و كۆمەڵایەتییەوە بە بایەخێكی زۆرەوە لێی بڕوانرێت.
- زۆری و جۆراوجۆرێتیی بەرهەمی خورما لە عێراق هۆكار بووە بۆ ئەوەی پێوەرێكی یەكگرتوو نەبێت بۆ دیاریكردنی جۆر و ناوەكانی، جووتیارانی هەر ناوچەیەك بە گوێرەی بۆچوونی خۆیان قسەی جیاوازیان لەسەر كردووە.
- خورما یەكێك بووە لەو بەرهەمە كشتوكاڵییانەی پێویستی بە چاودێری و خزمەتێكی زۆر هەبووە، دەبوو جووتیار بە درێژایی ساڵ خەریكی كێڵگەكەی بێت، ئەمەش هۆكار بووە بۆ ئەوەی خەرجیی دار و كێڵگەی خورما زۆر بەرز بێت.
- ناوەڕاست و باشووری عێراق گونجاوترین شوێن بوون بۆ كشتوكاڵی خورما، ڕەگەزە سروشتییەكانی ناوچەكە ژینگەییەكی لەباریان ڕەخساندووە بۆ ئەوەی وەك نیشتمانی یەكەمی خورما لەسەر ئاستی جیهان، ناوبانگ دەربكەن.
- پێشكەوتنی هۆكارەكانی گواستنەوە و بازرگانیی نێودەوڵەتی، ڕۆڵێكی باڵایان بینوە لە پێشخستنی بەرهەمی خورما، ئەمەش بە هۆی زیادبوونی خواستی دەرەكی و ئاسانبوونی گواستنەوە و گەیاندنی بە بازارەكانی دەرەوە.
- سەرباری بایەخی بەرهەمەكە بۆ ئابووریی ناوچەكە، بەڵام شێوازەكانی چاندن و بەرهەمهێنان هەر بە سادەیی ماونەتەوە، بە هۆی دواكەوتوویی بارودۆخی دەوڵەتی عوسمانییەوە، نەتوانراوە ئامێرە نوێ و پێشكەوتووەكانی ئەوروپا بخرێنە خزمەت پەرەپێدانی.

## 9- پەراوێزەكان

(1) بۆ زانینی بەهای خۆراكیی خورما و سوودە تەندروستییەكانی بۆ مرۆڤ لە ڕووی زانستییەوە بڕوانە: (Tang et al., 2025: p.7-10 ; Habsi, 2025: p.9-14).

(2) بۆ زانینی وردەكاریی ئەو گۆڕانە فسیۆلۆژییانەی كە لە هەر قۆناغێكدا بەسەر میوەی خورمادا دێن، بڕوانە: (Al-Habsi, 2025: p.2-3).

(3) هۆقە: یەكەیەكی كێشانەی عوسمانییە، یەك هۆقە یەكسانە بە (1.28 كگم) (Pyle, 1977: s.117).

[4] لە سەرچاوەكەدا بە پاوەندی ئیستەرلینی تۆماركراوە و سەرجەمەكەی دەكاتە (10.825.550) پاوەند. (بڕوانە: القهواتي، 1980: ص451).

## لیستی سەرچاوەكان:


**1. بەڵگەنامەی بڵاونەكراوەی ئەرشیڤی عوسمانی ( Başbakanlık Osmanlı Arşivi):**

Bâbıâli Evrak Odası Evrakı: (BEO, 4270/320221-3/1); (BEO, 4270/320221-3/2).

Dahiliye Nezareti Şifre Evrakı: (DH.SFR, 312/110-1/1); (DH.SFR, 312/110-1/2) ; (DH.SFR, 312/110-1/3).

Meclis-i Vükela Mazbataları: (MV, 110/88-1/2) ; (MV, 186/30-1/1).

Sadaret Mektubi Mühimme Kalemi Evrakı: (A.MKT.MHM, 579/13-3/1).

Yıldız Perakende Evrakı Posta Telgraf Nezareti Maruzatı: (Y.PRK.PT, 10/92-2/2).

**2. بەڵگەنامەی بڵاوكراوە:**

باجگر، نەوزاد یەحیا. (2025). خانەقین لە بەڵگەنامەكانی عوسمانیدا، و: ئاشتی ڕەحمان، چاپی یەكەم، هەولێر: زانكۆی جیهان.

**3. ساڵنامەكانی عوسمانی:**

بصره ولایتی سالنامەسی (1311)، اوچنجی دفعه، بصره مطبعەسی.

بغداد ولایتی سالنامەسی (1325)، یكرمی برنجی دفعه.

بغداد ولایتی سالنامەسی (1329)، یكرمی ایكنجی دفعه، بغداد شابندر مطبعەسی.

سالنامەء ولایت بصره (1318)، دردنجی دفعه، بصره ولایتی مطبعەسی.

سالنامەء ولایت بغداد (1292)، برنجی دفعه، مطبعەء ولایت بغداد.

موصل ولایتی سالنامەسی (1325)، دردنجی دفعه، موصل مطبعەسی.

موصل ولایتی سالنامەسی (1330)، بشنجی دفعه، موصل مطبعەسی.

**4. گەشتنامەكان:**

**أ- بە زمانی كوردی:**

كیونێ، ڤیتال. (2013). سنجاقی شارەزوور (كەركووك) و سلێمانی لە كۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا، و: نەجاتی عەبدوڵڵا، گۆڤاری ئەكادیمیای كوردی، ژمارە (24) و.(25)

**ب- بە زمانی عەرەبی:**

الكرملي، لياندرو. (2013). معرفة الشرق في العصر العثماني -الرحلة الإيطالية إلى العراق-، ت: بطرس حداد، بيروت: المركز الأكاديمي للأبحاث.

آينهولت (2012). رحلة آينهولت الهولندي إلى العراق سنة 1866-1867، ت: مير بصري، الطبعة الأولى، بيروت: دار الوراق.

باشا، خورشيد. (2008). رحلة الحدود بين الدولة العثمانية و إيران، ت: مصطفى زهران، الطبعة الأولى، القاهرة: المركز القومي للترجمة.

بدج، سر وليس. (1966). رحلات الى العراق، ت: فؤاد جميل، الطبعة الأولى، بغداد: مطبعة دار الزمان.

دراور، ليدي. (1961). في بلاد الرافدين -صور وخواطر-، ت: فؤاد جميل، الطبعة الأولى، بغداد: مطبعة شفيق.

دوبريه، ئادريان. (2011). رحلة دوبريه إلى العراق 1807-1809م، ت: بطرس حداد، الطبعة الأولى، بغداد: بيت الوراق للنشر.

ديولافوا، مدام. (2007). رحلة مدام ديولافوا من المحمرة إلى البصرة و بغداد سنة 1881م 1299ه، ت: علي البصري، الطبعة الأولى، بيروت: الدار العربية للموسوعات.

عالي بك (2015). رحلة عالي بك إلى العراق العثماني والهند، ت: محمد حرب، الطبعة الأولى، القاهرة: المركز القومي للترجمة.

كرستجي، سي أم. (1989). أرض النخيل -رحلة من بومباي إلى البصرة 1916-1917-، ت: منذر الخور، الطبعة الأولى، البحرين: مطبوعات بانوراما الخليج.

موسيل، الوا. (1990). الفرات الأوسط -رحلة وصفية ودراسات تاريخية-، ت: صدقي حمدي و عبدالمطلب عبدالرحمن داود، بغداد: المجمع العلمي العراقي.

نيبور، كارستن. (2012). رحلة نيبور الكاملة إلى العراق، ت: سعاد هادي العمري و مصطفى جواد و محمود حسين الأمين، الطبعة الأولى، بيروت: بيت الوراق.

ويلكوكس، وليم. (2009). مذكرات وليم ويلكوكس في العراق 1908-1911، من كتاب: مذكرات ورحلات الى بغداد، ت: كاظم سعد الدين، الطبعة الأولى، بغداد: دار الشؤون الثقافية العامة.

**ج- بە زمانی ئینگلیزی:**

Geary, Grattan. (1878). Through Asiatic Turkey: Narrative of a journey from Bombay to the Bosphorus, Sampson Low, London: Marston, Searle, & Rivington.

**د- بە زمانی فەرەنسی:**

Cuinet, Vital. (1891-1894). La Turquie d'Asie -géographie administrative, statistique, descriptive et raisonnée de chaque province de l'Asie Mineure-, Paris: E. Leroux.

**5. بڵاوكراوە فەرمییەكان:**

**أ- بە زمانی عەرەبی:**

الدليل العراقي الرسمي لسنة 1936. (1936). موسوعة سنوية إدارية اجتماعية اقتصادية تجارية زراعية مصورة: صاحب الإمتياز: الياهو دنكور، بغداد: دنكور للطبع و النشر.

دليل المملكة العراقية لسنة 1935-1936. (1935). -تاريخي اداري تجاري صناعي زراعي مصور-: صاحب الإمتياز: يعقوب الخوري، بغداد: مطبعة الأمين.

**ب- بە زمانی توركی عوسمانی:**

اورمان و معادن و زراعت نظارتی، قلم مخصوص مدیریتی استاتستیق شعبەسی. (1327). 1325 سنەسی اسیا و افریقای عثمانی زراعت استاتستیقی، استانبول: مطبعەء عثمانیه.

تجارت و زراعت نظارتی، استاتستیق ادارەء عمومیەسی مدیریتی. (1332). ممالك عثمانیەنك 1329 سنەسنه مخصوص زراعت استاتستیقدر، استانبول: مطبعەء عثمانیه.

**6. كتێب**

**أ- بە زمانی عەرەبی:**

أداموف، الكسندر. (2009). ولاية البصرة في ماضيها وحاضرها، ت: هاشم صالح التكريتي، الطبعة الأولى، بيروت: دار الوراق.

آل طعمة، السيد سلمان هادي. (2018). كربلاء في مدونات الرحالة والأعلام، الطبعة الأولى، كربلاء: العتبة الحسينية المقدسة.

البكري، عادل. (1967). تاريخ الكوت، بغداد: مطبعة العاني.

الدباغ، عبدالوهاب. (1956). النخيل والتمور في العراق -تحليل جغرافي لزراعة النخيل وانتاج التمور وصناعتها وتجارتها-، بغداد: مطبعة الامة.

الظالمي، حامد ناصر. (2021). البصرة في خمس وعشرين رحلة أجنبية -نصوص الرحلات-، الطبعة الأولى، البصرة: ديوان محافظة البصرة .

العكيدي، حسن خالد. (2010). نخلة التمر -سيدة الشجر ودرة الثمر-، عمان: دار آمنة.

القهواتي، حسين محمد. (1980). دور البصرة التجاري في الخليج العربي 1869-1914، بغداد: مطبعة الارشاد.

الهلالي، عبدالرزاق. (1953). معجم العراق، بغداد: مطبعة النجاح.

حسن، محمد سلمان. (د.س.). التطور الإقتصادي في العراق -التجارة الخارجية والتطور الاقتصادي 1864-1958-، بيروت: المكتبة العصرية.

سوسه، أحمد. (1946). تطور الري في العراق، بغداد: مطبعة المعارف.

طه، مها أسعد عبدالحميد. (2018). نخلة التمر تاريخ وحضارة -دراسة تاريخية-، مجلة كلية المأمون، كلية المامون الجامعة، العدد.(32)

عيساوي، شارل. (1990). التاريخ الإقتصادي للهلال الخصيب 1800-1914، ت: رؤوف عباس حامد، الطبعة الأولى، بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية .

فارس، عبدالجبار. (1353هـ). عامان في الفرات الأوسط، الطبعة الأولى، النجف: مطبعة الراعي.

لوريمر، ج.ج. (د.س.أ)، دليل الخليج -القسم التاريخي-، د.م.: طبعة أمير دولة قطر.

لوريمر، ج.ج. (د.س.ب)، دليل الخليج -القسم الجغرافي-، د.م.: طبعة أمير دولة قطر.

**ب- بە زمانی توركی عوسمانی:**

امين، محمد. (1341). بغداد صوك حادثهء ضياعى، استانبول: مطبعهء عسكريه.

سامى، شمس الدين. (1314). قاموس الأعلام، استانبول: مهران مطبعەسى، ج5.

**7. تێز و نامەی زانکۆیی:**

**أ- بە زمانی عەرەبی:**

الحجامي، أحمد حاشوش عليوي عبيد. (2010). سوق الشيوخ مركز إمارة المنتفق 1761- 1869 -دراسة في أوضاعها السياسية والاقتصادية والاجتماعية-، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الآداب، جامعة ذي قار.

السعدون، عبدالحكيم عجيل عبدالرزاق. (1989). البصرة في النصف الثاني من القرن الثامن عشر -دراسة في الاوضاع السياسية والاقتصادية والاجتماعية-، رسالة ماجستير غير منشورة، مركز دراسات الخليج العربي، جامعة البصرة .

سلمان، محمد عصفور. (1989). العراق في عهد مدحت باشا 1869-1872، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الاداب، جامعة بغداد.

الشلال، عمر إبراهيم محمد. (2008). التطورات الاقتصادية والاجتماعية في العراق 1869-1914، أطروحة دكتوراه غير منشورة، كلية الآداب، جامعة بغداد.

الهلالي، عذراء شاكر هادي. (2009). الحلة من 1800-1869 دراسة في الأحوال السياسية والاقتصادية والاجتماعية، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، جامعة بابل.

**ب- بە زمانی توركی:**

Kurt, Burcu. (2012). II. Meşrutiyet Döneminde Basra Vilayeti 1908-1914, Yayınlanmamış doktora tezi, Ortadoğu Araştırmaları Enstitüsü, Marmara Üniversitesi.

Sert, Selda. (2006). Bir toprak rejimi olarak Emlâk-ı Hümâyûn: Basra örneği 1876-1909, Yayınlanmamış yüksek lisans, Türkiyat Araştırmaları Enstitüsü, Marmara Üniversitesi.

**8. توێژینەوەی زانستی:**

**أ- بە زمانی عەرەبی:**

حمادي، عباس عبيد و خضر، فلاح محمود (2011). مدينة الهندية (طويريج) دراسة في تطورها العمراني والاجتماعي18171958، مجلة التربية الأساسية، جامعة بابل، العدد (5)، تموز.

**ب- بە زمانی ئینگلیزی:**

Al-Habsi, Nasser. (2025). Date palm (Phoenix dactylifera L.) fruit: Strategic crop for food security, nutritional benefits, postharvest quality, and valorization into emerging functional products. Sustainability, 17(16), 7491. https://doi.org/10.3390/su17167491 (Scopus).

Manikandan, S.K., Jenifer, D.A., Gowda, N.K., Nair, V., Al-Ruzouq, R., Gibril, M.B.A., Lamghari, F., Klironomos, J., Al Hmoudi, M., Sheteiwy, M. & El-Keblawy, A. (2025). Advancing date palm cultivation in the Arabian Peninsula and beyond: Addressing stress tolerance, genetic diversity, and sustainable practices. Agricultural Water Management, 307, 109242. https://doi.org/10.1016/j.agwat.2024.109242 (Scopus).

Pyle, Nancy S. (1977). Ottoman Okka Weights. Belleten Dergisi, Türk Tarih Kurumu, Cilt (41), Sayı (161).

Tang, D. Y. Y., Feng, Y., Chen, L., Nastic, N., Banat, F. & Show, P. L. (2025). Advancing sustainable utilization of date palm, Phoenix dactylifera, a multifunctional resource for agro-industrial applications. Agricultural & Rural Studies, 3(3). https://doi.org/10.59978/ar03030018 (Scopus).

**9. گۆڤار و ڕۆژنامەکان:**

**أ- بە زمانی عەرەبی:**

العمر، إبراهيم حلمي. (1912). مدينة كربلاء، مجلة المقتبس، سوريا، العدد (10)، 1 أكتوبر.

باقر، طه. (1970). النخلة شجرة العراق المباركة، مجلة التراث الشعبي، العدد (1)، 1 سبتمبر.

لغة العرب. (1911). مجلة شهرية أدبية علمية تأريخية، بغداد، السنة (1)، ج (6)، كانون الاول.

لغة العرب. (1914). مجلة شهرية أدبية علمية تأريخية، بغداد، السنة (3)، ج (11)، ايار.

لغة العرب. (1914). مجلة شهرية أدبية علمية تأريخية، بغداد، السنة (3)، ج (9)، آذار.

**ب- بە زمانی توركی عوسمانی:**

زوراء، بغداد ولايتى، بغداد: نومرو (5)، 3 ربيع الاخر 1286 (13 تموز 1869).

زوراء، بغداد ولايتى، بغداد: نومرو (802)، 1 صفر 1296 (25 كانون ثانى 1879).

عثمانلى زراعت و تجارت غزتەسى. (1327ر). سنه (4)، عدد (33)، نومرو (161)، 21 اغستوس.

## التمر في العراق خلال أواخر العصر العثماني (1858-1914)

**الملخص:**

للتمر تاريخ طويل في العراق، وهو من أكثر الفواكه فائدة. وقد ساعدت الخصائص البيئية للمنطقة في جعلها مركزاً رئيسياً لإنتاج بعض من أجود أنواع التمور في العالم. استفاد السكان المحليون من هذه الشجرة ومنتجاتها بطرق عديدة: لقد كانت ثمارها مصدراً مهماً للغذاء للبشر ولعبت دوراً رئيسياً في ضمان الأمن الغذائي للسكان. استُخدمت جذوعها في بناء الأساسات والأعمدة والأدوات المنزلية. تُستخدم أوراقها وأليافها في صنع القش والسلال والحبال وغيرها من الأشياء. حتى البذور لم تُرمى، بل استُخدمت لزراعة أشجار جديدة ولإنتاج علف الحيوانات. مع تطور التجارة والنقل في أواخر العصر العثماني، أصبح التمر المنتج التصديري الرئيسي للولايات العراقية، وتم تصديره إلى الهند وأوروبا والولايات المتحدة. وهكذا، أصبحت التمور مصدراً مهماً للدخل لأصحاب البساتين والفقراء الذين يعملون في الحقول والنقل والتصدير في المنطقة. تهدف هذه المقالة إلى تقديم معلومات دقيقة حول الموضوع ضمن ستة أطر موضوعية، استنادًا إلى مصادر أصلية تم الحصول عليها من الأرشيفات العثمانية، والسجلات، والصحف، وكتب الرحلات. تشرح هذه المقالة دور التمور في الحياة الاجتماعية والاقتصادية اليومية للولايات العراقية خلال أواخر العصر العثماني.

**الكلمات المفتاحية:** التمور، الزراعة، الفلاح، العراق، الإمبراطورية العثمانية.

## PALM DATES IN IRAQ DURING THE LATE OTTOMAN ERA (1858-1914)

**ABSTRACT:**

Dates have a long history in Iraq and are one of the most beneficial fruits. The region's environmental characteristics have helped it become a major center for producing some of the world's highest-quality date varieties. The local people have benefited from this tree and its products in many ways: Its fruit has been an important source of food for humans and has played a key role in ensuring food security for the population. Its trunks were used in the construction of foundations, columns, and household items. Its leaves and fibers are used to make straw, baskets, ropes, and other things. Even the seeds were not thrown away, but were used to plant new trees and to produce animal feed. With the development of trade and transportation in the late Ottoman period, dates became the main export product of the Iraqi provinces and were exported to India, Europe, and the United States. Thus, dates became an important source of income for orchard owners and poor people working in the fields, transportation, and export in the region. This article aims to present accurate information on the subject within six thematic frameworks, based on original sources obtained from Ottoman archives, records, newspapers, and travelogues. This article explains the role of dates in the daily social and economic life of the Iraqi provinces during the late Ottoman period.

**Keywords:** Dates, Agriculture, Farmers, Iraq, Ottoman Empire.